# پێموایە کاتی ئەوە هاتووە (شارەزاو ڕاوێژکارانی) وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەوە زێتر بە پەراوێز نەکرێن!! ... عەزیز هەریری *

دیارە وەك بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە، ئەمڕۆ لە زوربەی داوودەزگا نێو دەوڵەتییەکانی جیهاندا، بەپێشکەوتوو و دواکەوتووەکانیشیانەوە لەبواری کاری کارگێڕیی ڕۆژانەدا پەنا بۆ ئەو کەسانە دەبرێت، ئەوانەی سالآنێکی دوورو درێژ کاری وەزیفییان ئەنجامداوەو تیایدا قالْبوونەتەوە، دوای ئەوەی تەمەنێکی زۆریان لەکاروباری فەرمانگەکاندا بەسەربردووەو، هەریەکەو لە بوارێکدا بەپلەو پایەیەکی ئەوتۆ گەیشتوون، کەبێشك دەتوانن زۆر بەئاسانی کێشەو گرفتەکانی ڕۆژانە یەکلابکەنەوە ؛ چونکە ئەو کەسانە تا ڕاددەیەکی ئەوتۆ شارەزاییان لەکاری خۆیاندا پەیدا کردووە دەکری بلْێین: هەر یەکەیان لەکات و ساتی خۆیدا دەتوانێت قسە لە کاروباری ڕۆژانەی داوودەزگاکانی حکومەتدا بکات و، ڕێگە چارەو ڕێوشوێنی لەبارو گونجاو بۆ کێشەکان دابنێت، تەنانەت گەلی جاریش توانای ئەوەیشیان هەیە پلانی سەرکەوتوو بۆ پرۆژەی بەکەڵك و سوود بەخش بۆ ئەو دەزگایانە داڕێژن، کە کاری تێدا دەکەن، ڕەنگە زۆر لەوەیش زێتر بکارێن پێشنیازی گرنگ و پڕ بایەخ بخەنە بەردەم لایەنە دەسەلآتدارو بەرپرسەکانیان بەمەبەستی ئەنجامدانی هەندی کارو کرداری وا، کە بەرژەوەندیی بالآی گەل و ولآتەکانی خۆیانیانی تێدا بەرجەستە دەکەن .

تەنانەت وەکو باسیش دەکری لە زۆر لەولآتانی دنیادا کار بەوە گەیشـتووە، کە لەهەموو گەورەو بچووکێکی بواری ( (سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەلآیەتی و سەربازی و پیشەسازی و ..... هەتا دوایی) ) ، چ حکومەت و، چ پارتە سیاسییەکانیشیان بۆ بەئەنجامگەیاندنی کاروبارەکانییان پەنا بۆ کەسانێك دەبەن، کە وەکو ( (شـارەزاو ڕاوێژکارو پسپۆر) ) دەستنیشانییان کردوون و، پرس و ڕاوێژیان پێدەکەن و، لەڕێگەی بیروبۆچوونی ئەوانیشەوە پلان و بەرنامەی زانستانەو تێروتەسەل بۆ کارەکانییان نەخشە ڕێژ دەکەن و، لەبەر ڕۆشنایی بیرو بۆچوونەکانیشیان هەنگاو بەرەو پاشەڕۆژێکی بەختەوەرو گەشەسەندوو بۆ کۆمەڵگاکانیان هەڵدەنێن .

لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بلْێم: ئەمڕۆ لەکوردستانی خۆماندا بۆ ڕێزلێنان لەو کەسایەتی و فەرمانبەرە خاوەن ئەزموونانەی سالآنێکی زۆر لەبواری کاری وەزیفیدا خزمەتییان کردووەو، پێشموایە زوربەی زۆریان لەکارەکانیاندا ڕەنگە وەکو پێویست پسپۆر و شارەزابن، دیارە هەر بۆیەشە حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆری لەوان ( (بەشارەزاو ڕاوێژکار) ) دامەزراندوون، کە بێگومان ئەم کارە پیرۆزەی حکومەت مایەی دەستخۆشی و حورمەت و پێزانینە، لەهەمان کاتیشدا ڕێزنانە لەو ڕۆڵ و خزمەتەی هەر یەك لەو فەرمانبەرانە بەگەل و ولآتەکەیان کردووە، لەو بوارانەی کە بی سلْەمینەوە تەمەنی گەنجێتیی خۆیانییان تیایدا بەسەربردووە ؛ بەلآم ئەوەی ئەمڕۆ بۆتە مایەی سەرنج و ڕەنگە قسەی زۆریش هەڵبگری، ئەوەیە کە لەزوربەی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتاندا ژمارەیەکی زۆر لە ( (شارەزاو ڕاوێژکار) ) دامەزراون، من بە بۆچوونی خۆم دەتوانم بلْێم: بەشێکی زۆر کەم لەو ژمارە زۆرە ڕەنگە بەڕاددەیەکی پێویست شارەزا نەبن و کەم تەجرەبەبن، یان ئەو تەمەنە درێژەیان لەبواری کاری کاگێڕی و وەزیفیدا بەسەر نەبردبی، تەنانەت ڕەنگە هی وایشیان تێدا بێت پێی خۆش نەبێت وەکو پێویست پابەندی دەوامی ڕۆژانەی داوودەزگاکانی حکومەت بێت ؛ بەلآم من بەتەئکید دەلْێم: لەتەك

ئەمانیشدا کەسانێکی دیکە هەن، کە لەزۆر بواردا شارەزاو بەتواناو لێهاتوون و، حەزیش دەکەن وەك چۆن ئەم ڕێزەیان لێنراوەو ئەم ئەرکەیان خراوەتە ئەستۆ، ئاوایش حەز بەوە دەکەن جی پەنجەیان بەسەر کاروباری داوودەزگاکانی حکومەتەوە دیارو درەوشاوە بێت و، لەلایەن بەرپرسە باڵاکانی سەرۆکایەتیی حکومەت و وەزارەتەکانیشەوە هەر بەو چاوەوە تەماشا بکرێن، کە ئەوان کەسانێکن بەهەقیقەت بۆ کارکردن دامەزراون، نەك بۆ ڕۆژ گوزەراندن و لەبەرامبەر یەکتریدا خەوو خەیاڵ بیانباتەوەو، هەر تەنیا ڕۆژەکانی مانگ ئەژمار بکەن و بەس ؛ چونکە بێشك زوربەی ئەوانەی ئەم پۆستەیان دراوەتی، کەسانێکی پەککەوتەو بێتوانا نین ؛ بەڵام کە کەس حیسابیان بۆ نەکات و لێیان نەپێچێتەوەو، تەنانەت لەزۆر لەوەزارەتەکاندا وەك کورد گوتەنی: ( (بۆ خوێی چیشتیش) ) پرس و ڕاوێژێکیان پێنەکرێت، ئیتر زۆر ئاساییە کە ڕۆژانە لێرەو لەوی بکەونە گلەو گازندە ؛ چونکە بەپێی تواناو شارەزایی و لێهاتوویی خۆیان نەکاریان پێدەدرێت و، نە وەکو پێویستیش سوودیان لێوەردەگیرێت، لەوەیش زێتر لەزۆر وەزارەتدا بەشێوەیەکی یەکسانیش ڕەفتاریان دەگەڵدا ناکرێت و، تەنانەت هەندێکیان لەهەندێکی دیکەیان لەپێشتر دەگیرێن و، زۆر جاریش بەچاوی بەربەرکانی و بە پەراوێزکردنەوە سەیر دەکرێن و، لەزۆر ئیمتیازات و کۆڕو کۆبوونەوەو بۆنەی جوداجودا دا ناخوێندرێنەوەو بەسەر ناکرێنەوە .

خۆ ئەگەر خەمی هەمووان پاراستنی بەرژەوەندیی باڵای حکومەت و، زێتر دەوڵەمەندکردنی ئەزموونەکەی کوردستان بێت، ئەوا باشتر وایە ئەوان ـ مەبەستم لەو ( (ڕاوێژکارو شارەزا) ) یانەیە، کە بەهەقیقەت پەراوێز کراون، دەبی لە زوربەی ئەو چالاکی و فیستیڤاڵ و سیمینارانەی بۆ بوارە هەمەجۆرەکانی نێو سنووری هەرێمی کوردستان و، تەنانەت دەرەوەی سنووری هەرێمیش ئەنجام دەدرێن ڕاووبۆچوون و باری سەرنجیان لەبەر چاو بگیری، ئەمە وێڕای کاری کارگێڕی و دارایی لەسەرجەم کەناڵەکانی دیکەی حکومەتدا ؛ چونکە هەر هیچ نەبی ئەو تاقیکردنەوەو شارەزاییەی هەیانە بەرنامەو پلانەکانی حکومەتی پی دەوڵەمەند ترو تۆکمە تر دەبێت .

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئەوەیش بێنینە بەرچاو، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کەم تەجرەبەیەو لەبەردەم ئەزموونێکدایە، کە هەموو گەلی کورد بەهیواو ئاواتێکی زۆرەوە چاوی تێبڕیوەو، دوژمنانیش لەناوەو دەرەوەدا کورد گوتەنی: (سەدو یەك) تەڵەو تەپکەیان بۆی ناوەتەوە، ئەوا ئەوسا دەبی بەشێوەیەکی گەرم و گوڕترو، بەبایەخێکی زۆر لەوەی ئێستا زێتر ڕێز بۆ شارەزایی و تواناو لێهاتوویی (شارەزاو ڕاوێژکارانی) خۆمان دابنێین، کە خودی سەرۆکی حکومەت بەشارەزاو ڕاوێژکار دایمەزراندوون و، ئەم ڕێزە گەورەیەی لێناون، بۆ ئەوەی هەرچی زووە بەکردەنی و بەوپەڕی جیدییەتەوە لە هەموو بوارە جودا جوداکانەوە لە کاری ڕۆژانەی داوو دەزگاکانی حکومەتدا بخرێنە بەر کارو، لەجاران کاراتر بکرێن و، لەو بەپەراوێزکردنەیاندا دوور بخرێنەوە کە تێیخراون، تاوەکو هەست بەوە نەکەن، کە کاری ئەوان هەر تەنیا ئەوەیە لەگەڵ هاتنی ( (سەری مانگدا بۆ چەند سەعات و چەند دەقیقەیەك سەردانی وەزارەتەکانییان بکەن و، مووچەکانییان وەربگرن) ) و، ئیتر لەوە بەدوا تاوەکو مانگێکی دیکەیان لی دادێت بۆ خۆیان ئازادو ئاسوودەن، یان وەکو کورد گوتەنی: ( (با هەر هەمووان وا هەست نەکەن، کە بەڕاستی ( (نانخۆری جێگرن) ) و بەس، یان ئەوەتا بیریان بۆ ئەوە نەچێت، کە ئەو پۆستەی پێیان دراوە شتێکی ( (خاترانەیە) ) و تەنیا بۆ ڕازیکردنیان بووە!! لە کاتێکدا کە پێشتریش ئاماژەم پێیداوە، بەشی هەرە زۆری ئەو شارەزاو ڕاوێژکارانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەن ئەزموون و شارەزاو لێهاتوون و، بۆ ئەمڕۆو دوا ڕۆژیش حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهەموو داوودەزگاکانیدا

لەهەموو شتێك زێتر پێویستی بەشارەزایی و توانای ئەم جۆرە کەس و کارمەندانە هەیە، خۆ وڵاتێکیش ئەگەر گەرەکی بێت گەشە بکات و بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵێنی، ئەوا لەهەموو بوارەکاندا دەبی زۆر زێتر پشت بەم توێژە ببەسترێت و، چیتر وەکو ئێستا بەپەراوێز نەکرێن ؛ وەکو لای هەمووانیش ئاشکراو ڕوونە بەشێکی زۆری بەرپرس و دەسەڵاتدارانی داوودەزگاکانی حکومەت لەبواری کاری وەزیفیدا کەم ئەزموونن و، ڕەنگە هەربۆیەش زوو زوو ڕووبەڕووی کێشەو گرفتی تەجاوزکردنی یاساو ڕێساو ڕێنماییەکان ببنەوەو، ڕیساو ڕێنماییە دارایی و کارگێڕییەکان ببەزێنن ؛ بەڵکو لەوەیش زێتر زۆر سەرۆك فەرمانگەو سەرۆك بەش و بەشێکی فەرمانبەرانیش ناچار دەکەن پەنا بۆ ڕەفتاری هەڵە ببەن، هەر لەبەر ئەوەی خواست و ویستی ئەوان وا دەخوازی لەبەر خاتری فلانە کەس، فیسارە کاری نایاسایی ئەنجام بدەن، لە کاتێکدا کە دەبی یاسا سەروەر بی و، هەمووانیش پێوەی پابەند بن، کاتێکیش کارەکە دەگاتە ئاستی پرسینەوە، ئەوا بی سی و دوو فەرمانبەرە بچووکەکان زەرەرمەند دەبن ؛ چونکە هەرچی لەسەرووی خۆیانەوە بۆیان دادەبەزی دەبی پێوەی پابەندبن، ئیتر ڕاستە یان هەڵەیە ئەمەیان باسێکی دیکەیە، هەڵبەتە ئەو فەرمانبەرو کارمەندانەیش لەبەر ئەوەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی بیرۆکەی ( (وەزیفە ناسکە) ) ئیتر ئەوەی پێیان بگوترێ بەناچاری ئەنجامی دەدەن و، ئاکامی کارە نایاسایی و نادرووستەکانیش هەر ئەستۆی ئەوان دەگرێتەوەو ئەوانی لێ بەپرس دەبن ..

دیارە لەهەمبەر هەموو ئەو بۆچوونانەمدا، پێشنیازی ئەوە دەکەم، کە هەرچی زووە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، هەم بۆ بەرژەوەندیی داوودەزگاکانی حکومەت و، هەم بۆ ئەوەیش ئەو بەڕێزانەی بە ناونیشانی ( (ڕاوێژکارو شارەزا) ) دامەزراون لە ئاستی ئەو بەرپرسێتییە دابن، کە پێیان سپێردراوەو، تاوەکو چیتریش واهەست نەکەن (بەخاترانە) ئەو پلەو پایەو پۆستەیان پێدراوە، واباشە سیستێمێکی تایبەت بە شێوازی کارکردن بۆ ( (ڕاوێژکارو شارەزا) ) یان دابندرێت، بۆ ئەوەی لەوە زێتر دوورە پەرێز نەکرێن و وەکو پێویست ڕێز لەپلە وەزیفییەکانییان بگیرێ، کە پێیان دراوەو، هەر لەڕوانگەو بۆچوونی ئەو ئەرکەی خراوەتە ئەستۆیشیانەوە مامەڵەو ڕەفتاری گونجاو و شیاو بەخۆیانییان دەگەڵدا بکرێت، تا لەم قاوغەی ئێستا دەربچن کە تێی کەوتوون ؛ چونکە ئەوەی حاڵی حازر لە هەندی وەزارەتدا هەیە بریتییە لەوەی ( (شارەزاو ڕاوێژکاران) ) هەر تەنیا لەتۆمارەکانی میلاکاتدا گۆڕان بەسەر ناونیشانەکانیاندا هاتووەو بەس، تەنانەت ئەو مووچەیەشیان پێ ڕوانابینریت و پێیان نادرێت، کە بەبڕیارێکی حکومەتی مەرکەزی لەسەر ئاستی هەموو عێراقدا سنوور بەندکراوەو تا ئیدارەی سلێمانیش پێوەی پابەندە، ئیتر ئەمەیە حاڵی ڕاوێژکارانی خۆمان، نەڕاوێژیان پێدەکرێت و نەسوودیش لەشارەزایی و توانای ئەوان وەرگیراوەو وەردەگیری، دیارە ئەمەیش دەقاو دەق پێچەوانەی ئەو کارەیە، کە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێزەوە ئەوانی بۆ دامەزراندوون ..

لەلایەکی دیکەیشەوە، ئەگەر لەڕوانگەی هەستکردن بەبەرپرسێتی و دڵسۆزییەوە بۆ گەشەپێکردن و بووژاندنەوەو بەرەوپێشبردنی کارو ئەرکەکان لە داوودەزگاکانی حکومەتدا بڕوانین و، ئەو کارو ئەرکانە بەڕاوێژکارو شارەزایانەوە پەیوەست بکەین، ئەوا دەبی دیسان کارو ئەرکی شارەزاو ڕاوێژکاران بەبایەخەوە تەماشا بکرێت ؛ چونکە لەوە دڵنیام کە سەد دەر سەد حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و، گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا تیایدا سوود مەند دەبێت، لەبەر ئەوەی بۆ ئەزموونێکی کەم تەمەنی وەکو ئەوەی لە کوردستان خۆماندا بەرقەرارە ڕەنگە بۆ حکومەت کارێکی هاسان نەبێت لەماوەیەکی

کورتدا کەس و خەڵکانێکی کارامەو لێهاتوو ئامادەبکات و بیانخاتە بەر کارەوە . هەر بۆیەیش نکوڵی لەوە ناکرێت، کە سوود وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی دەیان ساڵەی شارەزاو ڕاوێژکاران لە داوودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا لەدوو لاوە قازانج بەخشە:

• لایەنی یەکەم: ڕێزنانە لەهەوڵ و کۆشش و ماندووبوونیان، بۆ ئەوەی چیتر واهەست نەکەن، کە ئەو مووچەیەی وەری دەگرن ( (خێرو خاترانەیە) ) .

• لایەنی دووەم: سوودمەندبوونی تێکرای داوودەزگاکانی حکومەتە لەو تواناو شارەزاییەی ئەوان، کە لەزوربەی بوارەکاندا هەیانەو، بێگومان زوربەیشیان تیایدا باڵا دەست و لێهاتوون .

هەڵبەتە لەهەمبەر هەموو ئەوانەی ئاماژەم پێداون، دەبی خۆزگەی ئەوەیش بخوازین، کە ڕاوێژکارو شارەزایان لەسەرجەم وەزارەتەکاندا چیتر بەلاوە نەنرێن و بەپەراوێز نەکرێن ؛ بەڵکو واچاکە هەرچی زووترە سوود لەو شارەزاییە وەربگیری کە هەیانە، هەر هیچ نەبی تاوەکو ئەوانیش وەکو ئەندامێکی کاراو کارامە سوود بەگەلی کوردو کۆمەڵگەی کوردەواری بگەیەنن و، بەشێکی ئەو کارو ئەرکانەی بەخزمەتکردنی گەلی کوردو کوردستانەوە پەیوەستە لە ئەستۆ بگرن و، ئیتر لێرە بەدوا هەست بەوەیش بکەن، کە ئەوانیش فاکتەرێکی ئیجابی و کاریگەرن لە پرۆسەی بەرەوپێش بردنی ئەزموونەکەمان و، هاوکاریش بن لەزێتر ناساندنی دۆزی ڕەوای کورد بەگەلانی دنیاو دەوروبەردا ..

* ڕاوێژکار لە دیوانی وەزارەتی ڕۆشنبیری
Aziz. hariri@kurdpost. com